# قسەكانی هاوڕێ خەسرەو داوەر
# بەبۆنەی یەكەمین ساڵرۆژی پێكهاتنی حیزبی كۆمۆنیستی ئێرانەوە

**هاوڕێیان!**

یازدەی خەرمانانی ساڵرۆژی دامەزراندنی حیزبی كۆمۆنیستی ئێرانە. بەهۆی نزیك بوونەوەی ئەم ڕۆژە، ماوەیەك لەوە پێش بڕیار درابوو كە ڕێكخراوە جۆراوجۆرەكانی حیزبی كۆمۆنیست بەتایبەت كۆمەڵە كە لە هەموو شوێنێكی كوردستان ڕێكخراوەی ئاشكرای هەیە، بۆ ڕێزگرتن لەم ڕۆژە مەراسمی تایبەت بەڕێوە بەرن. بڕیار وابوو پێشمەرگەكان بەم بۆنەوە چالاكیان ببێت و هاوڕێیانی موبەلیغ لە هەموو ئەو شوێنانەی كە بۆیان دەڕەخسێت لە كۆبوونەوەی ئاوادا خەلك بانگیشتن بكەن و قسەوباسیان بۆ بكەن.
دوێنێ لەگەڵ هاوڕێ ئیبراهیمی علیزادە باسی ئەوەمان دەكرد كە لە مەراسمی سالرۆژی حیزبی كۆمۆنیستی ئێراندا دەبی باسی چی بكەین بەتایبەت كە ئەمە یەكەم ساڵە و هێشتا سوننەتی ڕێزگرتن لەم ڕۆژەمان نیە، هێشتا جێگامان بۆ خۆش نەكردوە.
ئایا دەبێ باسی مەسەلە تەشكیلاتیەكان بكەین؟ نەخێر دەكرێ لەوە گەڕێین وە ئەوە لە نێوان دوو كۆنگرەدا، وە یان هەر كاتێكی تر لە كۆنفرانس وكۆنگرە تەشكیلاتیەكانی خۆماندا هەلیسەنگێنین و باسی بكەین، بزانین حیزب لەماوەی یەك ساڵی ڕابوردوودا چی كردوە، ئایا دەبیٚ قسە لە مەسەلە تاكتیكیەكان بكەین؟ نەخێر، چونكە تاكتیكەكان ئەو كارانەن كە دەبێ لەلایەن حیزبەوە بەرێوە بچن نە ئەوەی كە حیزب بۆ بەڕێوە بردنیان پێك هاتبێ.

دنیا بۆ ئەو كەسانەی كە كوێلە بوون، بۆ ئەو كەسانەی ڕەعیەت وژێر چەپۆكە بوون، وە بۆ ئەوانەی ڕەش پێست بوون، وەك دۆزەخ وابوو. ئێمەش هەر لەوانین. ئێمە كەسانێكین كە ناتوانین ڕازی بین مرۆڤ ئاوا بژی. ئێمە حیزبی كۆمۆنیستمان پێك هێناوە بۆ ئەوەی بە ئاوات و ئارەزووەكانمان بگەین. دەمانەوێ دنیا ئاوا نەبێ، ئێمە حیزبێكین كە ئارەزووەكانمان ئارەزووی هەموو ئەو بێ بەشانەن كە بە حەسرەت و نامرادی‌یەوە سەریان نایەوە وئاواتەكانیان بردە قەبرەوە، بە ئارەزووی ڕەوای خۆیان نەگەیشتن، ئەم حیزبەمان بۆ ئەو ئینسانە بێ بەشانە دروست كردوە. چاوێك بە دەوروبەری خۆتاندا بخشێنن، بزانن ئینسان چۆن دەژی، چاو لە منداڵەكانتان بكەن، كۆرپەیەك كە هێشتا موو لەسەری نەهاتوە، كرێژ و ڕشك و ئەسپێ تێی كەوتووە، چاوی بەقووڵ دا چووە، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوە، ڕووناكی لە چاویدا بەدی ناكرێ، سنگی وەك سنگی ئینسانی 60 ساڵە لرخە لرخی لێدێ، سیل و زەردوویی گرتوە، جل وبەرگی لەبەردا نیە، كەوشی لەپێدا نیە، هیچ شەوێك تێر خەو نابێ، هیچ ژەمێك تێر ناخوا، ئەوەیە منداڵی ئێستا. جا ئەوە شانسی هەبووە كە نەمردووە چونكە ژمارەیەكی زۆر منداڵ هەر كە لە دایك دەبن یەكسەر دەمرن، لەبەر ئەوەی دەواو دەرمان دەست ناكەوێ، لەبەر نەبوونی مەرجەكانی تەندروستی، وە لەبەر ئەوەی مامانێك لەلای دایكیوە نەبووە، بێگومان ناكرێ بلێی شانسی هەبووە، ڕاستیەكەی لەبەر بێ شانسی ماوە و ئەگەر مردبا ئاسودەتر دەبوو، چونكە ئێستا ئیتر دەبی هەموو ڕۆژێك سەد جار تامی مەرگ بچێژێ. بۆچی دەبێ ژیانی منداڵ ئاوا بێ. هەر كە كەمێك گەورە بوو، وە ڕەو ڕەوەكەی دانا دەبێ كار بكا. دەبێ بچێ تەون لێ بدات، دەبێ گۆزە ئاوی وا هەڵگرێ لە قەڵافەتی خۆی گەورەتر بێ و تیفەرەی پشتی بێتە

ژان. بەڕاستی ئەگەر ئەمانە بێچوە پشیلە بونایە، ئەگەر تووتکە سەگ بونایە ئاسوودەتر دەژیان، خۆشەویستی دایك وباوکیان زیاتر دەدیت.

چاو لە منداڵی گەورەتر بکەن، هەر کەپێی نایە شوێنی کارەوە یەکەم شت کە دەیبینێ سووکایەتی کردنە، جنێو پێ دانە، لە پێشدا جنێوّدان فێر دەبێ، درۆ کردن فێر دەبێ، فێڵ وتەڵەکە فێر دەبێ، زۆربەیان هەر چاویان بە قوتابخانە ناکەوێ، ئەوانە دەچنە قوتابخانە چی فێر دەبن؟ ئەوانیش هەر ئەوە فێر دەبن. دوو ڕوویی، سووکایەتی، لێدان، و سەردانەواندن بەرامبەر بە زۆرداری، فێری ئەوە دەبن کە خوشکەکەی خۆیان کە هەتا دوێنی بەیەکەوە کاریان کردوە، بە ئینسانی نەزانن، ئەوە زوڵمە، ئەوە شایانی ئینسان نیە، ئەوە ژیانی حەیوانە بەسەر ئێمەدا سەپاندوویانە.

چاو لە دایکێ بکەن، ڕواڵەتێکی خەمدیوی زەرد هەڵگەڕاو، مەعلوم نیە چ خێرو خۆشەیەکی لە ژیانی خۆی دیوە، تازە ئەوە لەو کەسانەیە کە گیانی بەسەلامەت دەرباز کردوە لە چنگ رشك و ئەسپێ نەجاتی بووە و نەخۆشیش نەیبەزاندوە، هەر لەمنداڵیەوە لە کاتێکەوە کە هێشتا دەستی راست و چەپی لێك جیانەکردوەتەوە بەشوویان داوە. پێش ئەوەش کە چاوی بە منداڵەکەی بکەوێ تەڵاق دەدرێ، نازانێ بۆ؟ هەر لە کازیوەی بەیانیەوە هەتا ئێوارێ هەدای نەداوە و کاری کردوە. نیسك و نۆکی بژاردوە وقاپ وکەوچکی شتوە، بۆچی؟ بۆچی ئینسان ئاوا بژی؟ قەت جارێك بزە نایەتە سەرلێوی چاوی دەڵێی گۆمی خەم و خەفەتە، بۆ؟ چونکە دوایین منداڵەکەشی براوە بۆ سەربازی، بۆ ئەوەی بە کوشتی بدەن. ئەو ئینسانە کەی تامی ژیان دەچێژێ؟

چاو لە باوکێ بکەن وەزعی لەوە باشتر نیە، پشتی چەماوە، سەری سپی بووە وچرچ ولۆچی ناو چاوی و ...هتد هەموویان نیشانەی ژیانێکی پڕ لە خەم وخەفەت و ناخۆشین، هەر لە منداڵیەوە کاریان پێ کردوە، لۆمە و سەرکۆنەیان کردوە، چەپۆکیان پێداداوە، هەزار ئارەزووشی هەبووە کە هیچیان بەدی نەهاتوون. بە ئاواتەوە بووە کوڕەکەی وەك خۆی لێ نەیەت، و ئاوا تووشی چارەڕەشی نەبێ. بەڵام ئەو ئاواتەش وەك سوورە کەوان هەر لەسەر دڵی ماوەتەوە، وەك خول خولۆکە لە بەیانیەوە تا ئێوارە هەڵسووڕاوە، مەعلومیش نیە هەتا کەی دەبێ هەروابێ، بۆچی ئینسان دەبێ ئاوا بژی؟ هەموو ئەم دەردو مەینەتەی قەبوول کردوە بۆ ئەوەی رۆژێك بەدەستی پڕەوە بە دڵێکی رەحەتەوە بێتەوە ناو خاو وخێزانی، بەڵام قەت ئەو ئاواتەشی بەدی نەهاتوە، قەت خۆشی منداڵەکانیشی بەچاوی خۆی نەدیوە و نەیگوتوە ئۆخەی. کە پیر بوو چی لێ دێ؟

چاو لە پیرە دایکەکان و پیرە باوکەکان بکەن، ئیتر خۆتان دەزانن چیان بەسەر هاتوە؟ چارەنووسی ئینسانەکانی تر چیە؟ بیر لە چی دەکاتە؟ لەبێ ئەمەگی بەشەر؟ لە بێ وەفاییەکەیان، بیر لەوە دەکاتەوە کە تەمەنێك هەدای نەدا و کاری کرد، ئێستا کەس نیە شان بداتە ژێر باڵی، کەس نیە کەوچکێك دەرمانی بەدەمەوە بکات، بیر لەوە دەکاتەوە چۆن بمرێ، پێویستی بەوە نەبێ هیچ کەس کفن ودفنی بکات. ئەوەیە ژیانی بەشەر، ئەوە منداڵیەکەی بوو ئەوەش پیریەکەیەتی.

بۆ ئەولاتر بروانن! چاو لە ژنە دێهاتیەکان بکەن، لە نیو پەین وشیاکەدا چ وەزعیەکیان هەیە، ئاژەڵی نێو جەنگەل ئاوا ناژی، بزانن رۆژی چەند سەعات کار دەکات؟ لێی بپرسن بزانن تا ئێستا چەند منداڵی بە باوەشی خۆیەوە مردوون لەبەر ئەوەی 15 تمەن پارەی نەبووە بیدا بە دەرمان. لێی بپرسن کە چۆن مێشولەیەك گیانی منداڵەکەی کێشاوە، ئایا دەرمان ئەوەندە گرانە، کە مێشوولەیەکی مالاریا پێوە بدا و بیکوژی بەڵام حەبێکی دوو تمەنی دەست نەکەوێ؟ مالاریا ملیون ملیون ئینسان دەکوژی. ئایا ئاوا ئینسانێك خێروخۆشی لە ژیانی خۆی دیوە؟ پێی خۆشە بمێنێ و بژی؟

چاو لە شوانێك بکەن! لە منداڵیەوە لەگەل مەڕو بزن گەورە بووە. لە سەدەی بیستەمدا دەژی بەڵام ئەگەر لەدێیەکەی خۆی دوور کەوتەوە و دە دوازدە دێ ئەولاتر چوو ئیتر لە زمانی هیچ بەنی بەشەرێك حاڵی نابێ. ئاگای لەو سەری دنیا نیە. نازانێ ئینسان

بەچی گەیشتوە. بیری بە کوێ گەیشتوە؟ نازانیٚ ئینسانی تر چوٚن بیریان کردوەتەوە، چ شیعریٚکیان گوتوە، چ چیروٚکیٚکیان بوٚ یەکتر گیٚڕاوەتەوە، ئەوانە نازانیٚ، هەتا دەشمریٚ هەر نازانیٚ. وەرن بزانن ئینسان چی بەسەر هاتوە، نهەنگ لەم سەری دنیاوە بوٚ ئەو سەری دنیا دەچیٚت، بەلاٚم ئەو شوانە هەژارە بە پارچە زەوییەکەوە گریٚ دراوە، وەك بزمار داکوتراوە دەلیٚی هەر لەویٚ نیٚژراوە.

چاو لەم لاو ئەولای شار بکەن، سەریٚك بکشیٚننە نیٚو زیندانەکان، لە زیندانیەك بپرسن بلیٚن توٚ بوٚچی لیٚرەدای؟ دەبیٚ چەند سالٚی تر زیندانی بی؟ لەسەر چی؟ دلٚم بە کچی دراوسیٚکەمانەوە بوو نەیاندامیٚ، تووڕە بووم مشتیٚکم لە باوکی دا، کەوت و هەلٚنەستاوە، پیٚم خوٚش نەبوو وای لیٚ بیٚ بەلاٚم چی بکەم مرد. ئیٚستا دەبیٚ 30 سالٚ لە زینداندا بم، ئاخر بوٚ؟ مەگەر توٚ داوای شتیٚکی خراپت کردبوو؟ توٚ دەتویست لەگەلٚ ئینسانیٚك بژی، بوٚچی دەبیٚ ئەوە چارەنووست بیٚ؟ بوٚچی نەیاندایتیٚ؟ بوٚچی لیٚت دا؟ بوٚچی لیٚت حالی نەدەبوون بەزمانی ئینسان بیان دویٚنی؟ مەیموون وەزعی لەوە باشترە، یەکتر ناکوژن. باشە کچەکە چی لیٚهات، کچی دراوسیٚکەتان؟ ئەویش دوای ئەو کیٚشەیە سەری خوٚی هەلٚگرت و روٚیشت ئیٚستا بوٚ پاروە نانیٚك لە لەش فروٚشیخانەیە!! بوٚ پاروە نانیٚك خەریکە لەشی خوٚی دەفروٚشیٚ؟

چاو لەوانی تریش بکەن! وەزعیان لەوە باشتر نیە، بەهایی لە زیندان دایە، جوولەکە لە زیندان دایە، بوٚ؟ هەر لەبەر ئەوەی باوەڕی بە خورافاتیٚکی دیکەیە؟ بوٚ ئەوەی پیٚی خوٚش بووە ڕوو بکاتە لایەکی تر و سوجدەی بوٚ بەریٚ؟

سەردەمانیٚك دەیانگوت مانگ بەدەوری زەویدا ناگەڕیٚ، زەوی بەدەوری مانگدا دەگەڕیٚ، کەسیٚك بەپیٚچەوانەی ئەوەی وتبایە دەیانگرت، چوار پەلیان دەبڕی ولە ملیان دەدا. ئیٚستا ئەگەر کەسیٚك بلیٚ من پیٚم وایە دەکریٚ دنیایەکی تر دروست بکەین، هەلٚی دەواسن، دەیخنکیٚنن، داخی دەکەن. ئاژەلٚ ئاوا لەگەلٚ یەکتر ناجوولیٚنەوە. هەر لەو زیندانەدا چاو لەوانی تر بکەن، لە ئەشکەنجەگەرەکان، هیچ درِندەیەك واناکات. کویٚی وەك ئینسان دەچیٚ؟ بوٚچی پیٚی خوٚشە ئەم و ئەو ئەشکەنجە بکات. ئەی ئینسان! بزانە چیان بەسەر هیٚناوی؟ کەمیٚك بوٚ ئەولاتر بڕوانین! چاو لە هیندوستان بکەین! ئینسان، ئینسانی پیٚ گلاٚوە، دەست لە جل وبەرگەکەی بدەی، دەچیٚ دەیانسووتیٚنیٚ، لە پەنا گوٚیشی دەیان کەس لەبەر نەبوونی جل و بەرگ لەسەرما رەقیان دەبیٚتەوە.

تەماشای ولاٚتی چین بکەن! هیچ کەس مافی نیە دوو مندالٚی هەبیٚ، مندالٚی دووهەم دەکوژن، مندالٚ هیٚشتا لەدایك نەبووە تاوانبارە، مەحکوومە، مافی کوٚمەلاٚیەتی پیٚ نادریٚ، لە قوتابخانە وەری ناگرن، چونکە مندالٚی دووهەمە. باشە بەمن چی؟ من چوزانم مندالٚی دووهەمم، بوٚچی وام لیٚ دەکەن؟

چاو لە رەش پیٚستەکان بکەن! دەلیٚی وەك ئاژەلٚ لە باغی وەحشیان کردوون، مافیان نیە لەو دیوی مەحاجەرەکانەوە بیٚنە ئەم دیوی شار لە ئوتوٚبوسدا مافیان نیە تیٚکەلٚی ئەوانی ترین. لە فلاٚن جیٚگا نابیٚ دانیشن، لە فلاٚن ئاو نابیٚ دەستیان پشوٚن.

ئەوە ئیٚمەین! من ناتوانم هەموو ئەو شتانە بەیان بکەم، باشترین ریٚگا بوٚ ئەوەی بزانن خەلٚك تووشی چ بەدبەختی و بیٚ بەشیەك بوون، و گرفتاری چ مەینەتیٚکن، ئەوە نیە گویٚ بدەنە قسەکانی من، چاو لە دەوروبەری خوٚتان بکەن! چاو لە خەلك بکەن، لە حالیان بپرسن، گویٚ بدەنە داستانەکانیان، گویٚ بدەنە شیعرەکانیان، موٚسیقا و حەیران و بەیت وباویان، بچنە نەخوٚشخانەکان، گوٚڕستانەکان، شیٚتخانەکان، سەریٚك بکیٚشنە ئەو پەنا دیوارانەی هیٚروئینی لیٚ دەکیٚشن، بزانن بەشەر چی بەسەر هاتوە.

خەڵكینە ! ئێمە ماڵات نین، مەڕ نین، مریشك نین، مشك نین، ئێمە ئینسانین، ئەو ژیانە كەسری شانی ئێمەیە. دەبێ بەرز بژین! ئێمە شایانی ئەوەین وەك بەشەر بژین. بەراستی ئایا دنیا بچووكە؟ خۆراك كەمە؟ هەوا كەمە؟ زەوی كەمە؟ ئەی كەوایە بۆچی یەكتر دەكوژن؟ بۆچی بەسەر كەلاكی یەكتردا رمبازێن دەكەن؟ بۆچی زكی یەكتر هەڵ دەدڕن. بۆچی دەستی یەكتر ناگرن؟

ئەوە چ دنیایەكە كە بۆ ئێمە دروست كراوە؟ ئێمە دەڵێین ئایا بەراستی ناكرێت دنیایەك دروست بكەین ئاوانەبێ؟ ناكرێ دنیایەك دروست بكەین، كە گۆناى هەموو منداڵەكان شەوق بداتەوە و چاویان رووناكى لێ ببارێ؟ ناكرێ هەموویان ساغ بن؟ هەموویان پێبكەنن؟ ناكرێ دنیایەك دروست بكەین كە هەموو كەس خوێندەوارى هەبێ؟ ناكرێ دنیایەك دروست بكەین كە هەموو ئازاد بن، بەرابەر بن؟ ناكرێ دنیایەك دروست بكەین كە هەژارى تێدا نەبێ؟ ئیدمان نەبێ؟ خراپە و لەش فرۆشی نەبێ؟ ناكرێ دنیایەك دروست بكەین كە شەڕى تێدا نەبێ؟ وە خەڵك لە جیاتى ئەوەى ئاوا گولله بەسەر یەكتردا ببارێنن، لە جیاتى ئەوەى بەسەر یەكتردا حكوومەت بكەن، بەسەر مانگ و رۆژ وئاو و دارستان و هەموو شتێكدا حكومەت بكەن؟ ناكرێ ئاوا بین بۆ ئەوەى هەموو بەختەوەر بین؟ ناكرێ دنیاكى تر دروست بكەین؟ ناكرێ لە جیهانێكدا بژین كە ئیتر وشەى هەژارى و بێ بەشی و ئینسان كوژى و تاوان و كوشتن لە فەرهەنگەكانى دا نەبێ؟ چۆن ئەگەر ئێستا بۆ منداڵەكانتان بگێڕنەوە كە رۆژگارێك میلەتی خۆ خۆر هەبووە كە لەنێوان خۆیاندا شەڕیان دەكرد، یەكتریان دەگرت، یەكتریان دەكوڵاند و دەیانخواردن، هیچ منداڵێك باوەر ناكات. ئایا ناكرێ دنیایەك دروست بكەین كە ئەگەر باسی ئێستا بۆ منداڵێك بگێڕینەوە وبڵێین خەڵك مافی قسەكردنیان نەبوو، نەخوێندەواربوون، یەكتریان دەگرت، ئەشكەنجەیان دەكردن، هیچ منداڵێك باوەڕ نەكات؟

ئایا ناكرێ دنیایەكی ئاوا دروست بكەین؟ ناكرێ بەشەر ئاوابێ؟ دیسان سەد خۆزگە بە سەردەمی زوو، ئەوان یەكتریان دەكوشت بۆ ئەوەی بیخۆن و زگیان تێر بكەن. بەشەرى ئەم سەردەمە بۆمبی ناپاڵم بەكار دەهێنێ هەر بۆ ئەوەى ئینسان بكاتە خەڵووز، بزانن چیمان بەسەردا هاتووە؟ ئێمە مافی خۆمانە داوای دنیایەكی تر بكەین.

ئێمە دنیایەكمان دەوێ كە ئینسانەكان تێیدا لەش ساغ بن، تێروتەسەل بن، خۆشبەخت بن، لەجیاتی بێزاری دڵیان پڕ بێ لە عیشق، ئێمە دنیایەكی ئاوامان دەوێ. وە بۆیە حیزبەكەمان پێك هێنا تا ئەو دنیایە دروست بكەین. ئێمە ئەو حیزبەمان بۆیە دروست كرد تا ئەو بەهەشتەی كە پێغەمبەرەكان بەڵێنیان دابوو، وە هەموو ئەو ئاوات و ئارەزووانەی بەشەر كە هەر لەسەر دڵی مانەوە و لەگەڵ خۆی بردنیە گۆڕەوە، بەدی بهێنین. ئێمە ئەو حیزبەمان بۆیە دروست كرد كە بەشەر ئازاد بكەین. بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە كە ئێمە بەم حیزبە بەشەر ئازاد دەكەین. ئەو كەسانەی كە دەتوانن خۆیان ئازاد بكەن، هەر ئەو خەڵكە چارە رەش وبێ بەشەن كە زۆربەی كۆمەلیان پێك هێناوە. ئەگەر ئەوانە یەكبگرن، ئەگەر ئیرادە بكەن دەتوانن ئەو دنیایە دروست بكەن. دەتوانن هەر لەسەر ئەم زەوییە بەهەشتی خۆیان پێك بهێنن. بەڵام ئەمانە هەر ئێستا ئاوا یەك ناگرن. هەموو ئەو قسانەی ئێوە لەمنى دەبیستن، لە داهاتووشدا ئێوە بۆ خەڵكی دووپات دەكەنەوە. خەڵك یەكگرتوو ناكەن. بۆچی؟ چونكە هێشتا هەندێكیان باوەڕیان نەكردوە كە دەكرێ بەهەشتێكی ئاوا لەسەر زەوی دروست بكەی. هەندێكیان هەر نایانەوێ ئەم بەهەشتە دروست بكەن. دەڵێن دنیا چۆنی بگری هەر ئاوا دەڕوا. دەڵێن لێی بگەرێ هەروا باشە. هەندێكیان بەوە رازین كە ئەم هەمووە مەینەتە قەبووڵ بكەن. كوڵیان داوە.

هەندێك هەر لەم خەڵكە، كە خۆیان بوونەتە قوربانی ئەم وەزعە، خۆشیان دەزانن لە چ زەلكاوێكدان بەڵام خۆیان بەشایانی ئەم ژیانە دەزانن. دەڵێن گۆڕی گیانمان بێ. فێریان كردوون كە هەر لەو كاتەوە كە ئادەم وحەوا لە میوە حەرامەكەیان خوارد. خودا ئەم عەزابەی لە نێوچاوانیان نووسی كە ئیتر پشتاوپشت هەر بیچێژێ. ئەوانەش پێیان وایە كە بەڵێ ئەوە راستە. چونكە

ئەوەندە چارە رەشن کە کەسانی تر فێریان دەکەن کە بۆچی دەبێ ئەم مەینەتە بچێژن و ورتەیان لەدەم نەیەت. هەندێك کەس دەڵێن ئەم دنیایە بۆ تاقیکردنەوەیە. دەڵێن مەیدانی هەڵسەنگاندن ولە محەکدانە. دەبێ هەموو کوێرەوەرییەك قەبوول بکەن قەت نێو چاوانیشتان تێك نەنێن و شوکرانە بژێرین، سوجدە بەرن، هەتا انشاالله ئەگەر دەفتەردارەکانی ئەو دنیا، حیسابەکەتیان خوێندەوە، رێگات بدەن بچیە بەهەشت!.

ئەو کەسانەی ئەم قسانەیان بەگوێدا دراوە، باوەڕ بەقەسەی ئێوە ناکەن کە بلێن یەکگرتوو بن، دەستی یەکتر بگرن با دنیایەکی تر دروست بکەین. ئێمە حیزبەکەمان بۆیە دروست کرد تا لە لەگەڵ ئەم خورافاتە بەربەرەکانی بکەین.

هەندێك کەس لەم هەموو مەینەتە بەتەنگ هاتوون، بەلاّم رێگایەکی تر هەڵدەبژێرن، بۆ ئەوەی منداڵەکەی بەباوەشیەوە گیانی دەرنەچێ، بۆ ئەوەی ژنەکەی لەسەرمنداڵ بوون نەمرێ، بۆ ئەوەی خۆی نەخوێندەوار نەبێ، بۆ ئەوەی بتوانێ باوکە پیرەکەی بەخێو بکات، رێگایەکی تر دەگرێتە پێش، دەڵێ دەبێ پارە پەیدا بکات.

دەچێ کار دەکات، کاری زیادی دەکات، ئیتر وەك عەوداڵ هەر بەشوێن پارەدا دەگەڕێ. کەس نیە لێی بپرسێ باشە منداڵەکەی تۆ نەجاتی بوو، ژنەکەی تۆ لەسەر منداڵبوون نەمرد، تۆ نەخوێندەوار نەبووی، کوڕەکەی تۆ بوو بە دوکتۆر، ئەی ئەو میلیون میلیون ئینسانەی تر منداڵەکانیان چی لێ بکەن، دایکیان چی لێ بکەن؟ باوکیان چی لێ بکەن، ئاخر ویژدانێك، ئینسانیەتێك؟ بۆچی ئەوانە نازانی؟ ئێوە ئەوەی پێی دەڵێن و حالّی دەبێ بەلاّم کەسانی تریش، شتی تری پێ دەڵێن. هەتا ئێوە جارێك قسەی خۆتانی پێ دلێن، کەسانی تر سەد جار قسەی تری بەگوێدا دەدەن. هەندێك کەس قەبوولی دەکەن، دەڵێن بەڵی بەتەنیا ناکرێ، دەبێ بەتێکڕا بۆ زیاد کردنی کرێ هەوڵ بدەین، بۆ دابین کردنی کاری خانەنشینی هەوڵ بدەین.

بەلاّم دەبێ بەوانیش حالی بکەین کە ئەوە رێگاکەی نیە، ئەو ژەهرە تاڵە هی دارێکە کە بەرەکەی تاڵە، گریمان تۆ بەڕەی خۆت لە قوڕاو دەرهێنا، ئەوانی تر چی؟ مافی خانەنشینیان بەتۆ دا ئەو میلیون میلیون ئینسانەی تر چی بکەن؟

هەندێك کەس ئاسۆی بەرچاویان فراوانترە و مەسەلەکە لەوە بەولاوەتر دەبەن. دەڵێن بۆ ئەوەی برسی نەبین، مووچە و مەزرا وکشت و کالّی میکانیزەمان دەوێ. بۆ ئەوەی ماڵمان هەبێ پیشەسازی خانوو دروست کردنمان دەوێ، چونکە خانوومان دەوێ. دەکەونە شوێن ئەوە. ئەوانە بەهەڵەدا چوون. ئەوە هاتوو تۆ مووچە ومەزرای میکانیزەت هەبوو، نەخۆشخانەت دروست کرد، هەتا ئینسانێکی وەك من برسی و هەژار لە بەردەستت دا نەبێ چۆنی هەڵ دەسووڕێنی. کێ دێ لەبەر قرچەقرچی کوورەی خشتی سوور کارت بۆ بکات. کێ دێ لەو ئەشکەنجەخانەیەدا رۆژی 16سەعات کارت بۆ بکات. هەر پیشەسازیەکەت وا دامەزراوە کە پێویستی بە کوێلە هەبێ. ئێمە ئەو کوێلانەین. ئەوەیش رێگای ئێمە نیە. ئەوە هەڵەیە، لارێیە. ئێمە حیزبەکەمان پێك هێنا هەتا خەڵك لەو مەینەتە و لەو لاریانە دەربێنین. کاری لەوە گرێدارتریش، هەندێك پێیان وایە کە وەك ئێمە بیردەکەنەوە، دەچن هەر باسی ئەو بەهەشتە بۆ خەڵك دەکەن کە من باسم کرد. دەڵێن دنیایەکمان دەوێ کە چینی تێدا نەبێ، ستەمی تێدا نەبێ، لەجیاتی ستەم دادپەروەری هەبێ، لە جیاتی نابەرابەری، برایەتی هەبێ، لە جیاتی هەڵاواردن، بەرابەری هەبێ، بەڵێنی ئەم شتانە دەدەن. وەك ئێمەش قسە دەکەن. هەر بەو وشانە قسە دەکەن. خەلکیش بەشوێن خۆیاندا دەبەن. خەلکی دەست تەنگ و هەژار و زۆرلێکراو بەشوێن خۆیاندا دەبەن و بەلارێییاندا دەبەن. بۆ ئەوەی بەو دنیایە بگەین دەبێ بە رێگای خویدا بۆی بچین. هەر ئەو کەسەی کە ئەم بەهەشتەی بە ئێمە نیشاندا، لەرووی زانستەوە نیشانی داین، نیشانیدا کە دەکرێ بەشەر بە دەستی خۆی ئەم بەهەشتە دروست بکات، وتی کە چۆن دروست دەکرێ، وتی دەبێ چینێکی دیاریکراو بەدەسەلاّت بگات تا بەهەشتێکی ئاوا دروست بکرێ. ئەوانە هەر ئەو خەڵکە بێ بەش وهەژارە بەشوێن خۆیان دەبەن کە بیانبەنە بەهشت، بەلاّم بەهەڵە و هەڵدێرو

قوولکەی وادا دەیانبەن کە ڕێگایان لێ گوم بێ وەیا هەپرون بەهەپرون دەبن. ئێمە حیزبەکەمان دروست کرد بۆ ئەوەی ئەمانە لەو گومڕییە ڕزگار بکەین و نەهێلین بکەونە شوێن ئەو کەسانە. تازە هێشتا هەموو ئەو هەڵە وبەلاڕێدا چوونانەی کە ئەم هەژارە دەست تەنگانە تووشی بوون هەموو مەسەلەکە نیە، هەموو بەدبەختیەکەیان نیە، تەنانەت ئەگەر هیچ کام لەم گیروگرفتانە نەبونایە، هەندێك گیروگرفتی تر هەیە کە گیان سەختن، هەندێك خاوەخاوکردن، هەندێك هەڵە و خورافات هەیە کە هەرچی دەست و پەنجەیان لەگەڵ نەرم دەکەی هەر لە جێگای خۆیانن، چونکە ریشەیان لە قازانجێکدا کە ئەم هەژاریەی ئێمە بە هەندێك کەسی دەگەیەنێ. هەندێك کەس هەیە کە بەهەشتەکەیان ئەو دۆزەخەیە کە بۆ ئێمەیان دروست کردوە. ئەگەر هەموو ئەم خورافاتەش لەمێشکیان دەربهێنی کارەکە تەواو نابێ چونکە لە بەرامبەر هەموو هەنگاوێکتدا رادەوەستن، دەتکوتن، هەر ئەو گورگانەی کە ئێمەیان تووشی ئەم ڕۆژە رەشە کردوە و لەت و پەتمان دەکەن سوود وبەرژەوەندیان لەوەدایە کە وەزعەکە هەر ئاوا بمێنێتەوە. ئەوان بەرانبەر بەهەموو هەنگاوێك و هەموو جوولانەوەیەکی ئێمە رادەوەستن. دەمانکوژن، دەمانگرن، لووت وگوێمان دەبڕن. زەبروزەنگ لەبەرامبەر ئێمەدا بەکار دەهێنن، تەنیا بە ئیرادەکردن، تەنیا بە نەخشەیەك کە خۆمان دایدەرێژین دەتوانین بەئامانجی خۆمان بگەین. ئێمە دەبێ شەڕ بکەین، لە دەسەڵاتیان بخەین، سیاسەت وپیلانەکانیان پووچەل بکەینەوە، لە نێو تانکەکانیاندا ڕێگای خۆمان بکەینەوە، بە نێو سەربازەکانیاندا تێپەڕ بین تا بە ئامانجەکەمان بگەین. ئێمە حیزبەکەمان پێك هێناوە بۆ ئەوەی بەدروستی بەم ڕێگایەدا بڕۆین، دیسان ئەوەش چارەسەری کۆتایی نیە. منیش نامەوێ باسی هەموو گیروگرفتەکان بکەم. ئێمە حیزبی کۆمۆنیستمان پێك هێناوە بۆ ئەوەی بەهەشتێك لەسەر ئەم زەویە دروست بکەین. بە دەستی خودی ئینسانەکان حیزبمان بۆ ئەوە پێك هێناوە تا هەموو کۆسپێك لەسەر ڕێگامان لابەرین. چ ئەو کۆسپانەی کە من باسم کردن و چ ئەوانەی کە باسم نەکردوون.

ئێمە خەیاڵاوی نین، جیاوازی ئێمە لەگەڵ ئەو کەسانەی پێشتر بەنیازی رزگاری ئینسان بوون لەوەدایە کە ئێمە پشتمان بە زانست بەستووە. پشتمان بە راستی‌یەکان بەستوە، لەنێو خەیاڵدا مەلە ناکەین، وەحی و ئیلهاممان بۆ دانەبەزیوە، هەر ئەو زانستەی کە پەی بە رازی مار ومێروو دەبات، دەرفەتی ئەوە بە مرۆڤ دەدات کە دەستی بە مانگ و ئەستێرە و ئاسمان بگات، ئەو زانستە پشتیوانەی ئێمەیە. توانای ئەوەمان پێ دەدات کە ئەو ئیدیعایە بکەین بەدەستی خۆمان دنیایەکی نوێ دروست بکەین. دنیایەك کە بە ئەندازەی زەڕەیەك مەینەت و بێبەشی تێدا نەبێ. ئێمە تێگەیشتووین کە دەبێ پشت بە چ هێزێك ببەستین بۆ ئەوەی دنیایەکی تر دروست بکەین وە ئەم جیهانە کە گیانی سەختە لە بناغەوە دەربهێنین. ئێمە سەر دەکەوین. هەموو ئەو خەڵکە تەنانەت ئەوانەی هەرە ئاییینین، سەدان جار کاسەی خاڵیان بەسەر سفرەدا داوە و جنێویان بەخودا و پێغەمبەر و زەمین و ئاسمان داوە. ئەوە لەشکری ئێمەیە، بڕوا بەوە مەکەن کە خورافات چووەتە ڕەگ وپێستیەوە. ئەوانە لەشکری ئێمەن. ئێمە زۆرین. هەموو بەشەریەتی سەر کورەی زەوین، ئێمە دەتوانین سەرکەوین و سەردەکەوین. بەلەبەر چاوی هەموو ئەو کەسانەوە کە بڕوا ناکەن بەو ڕۆژە بگەن، ئێمە ئەو جیهانە دروست دەکەین. کەوایە، خەڵکینە سەربازان، ژنان، لاوان، منداڵان، جوتیاران، دایکان، باوکان وەرنە ناو حیزبی ئێمەوە.

ئەی هەموو ئەو کەسانەی کە تاقەتان بەسەر چووە و ناتانەوێ ئیتر لە مەینەت و هەژاریدا بژین، وەرنە ناو ئەم حیزبەوە، لەگەڵ ئەم حیزبە بە ئاواتەکانتان دەگەن.

ئەگەر ئێوە بێن و ئەم حیزبە هەبێ، بێگومان سەر دەکەوین. بەڵام پێش ئەوەی قسەکانم تەواو بکەم با ئەوەش بڵێم، وەرنە ناو حیزبی ئێمەوە، بەریزەکانی ئێمەوە پەیوەس بن.

له پێێشدا ئەوە دەڵێم کە هەمووتان ڕێگا نادەین بێنە ناو ئەم حیزبەوە. ئەم حیزبە چوارچێوە و چەترێکی یەکێتی نیە، مایەی یەکیتیە، ئەمە حیزبی هەمووتان نیە، حیزبی باشترین کەسانی ئێوەیە، حیزبی شۆڕشگێرترین، حیزبی قایمترین، حیزبی ڕاوەستاوترین کەسانی ئێوەیە، حیزبی وشیاترین و تێکۆشەرترین کەسانی ئێوەیە. ئەم حیزبە جێگای هەموو کەس نیە. حیزبی ژمارەیەك لە وشیارترین کەسانی ئێوەیە. ئەو کەسانە کە لێزانن، لەو کەسانە کە کوڵ نادەن، دڵ سارد نابنەوە و پاشگەز نابنەوە، ئەمە حیزبی ئەو کەسانەیە.

دەستتان بنێنە نێو دەستی ئەمانە ئەوە موجامەلە نیە. ئەگەر جگە لەمە شتێکی تر بێ، ئیتر ئەو حیزبە حیزبی ئێمە نیە.

ئەمە حیزبێکە کە دنیا لەڕەگ و ریشە دەربهێنێ، دنیایەکی تر دروست بکات. هەموو ئەو کەسانەی کە ئەم دنیایەی ئێستا بەهەشتیانە، وە هەتا ددانیان نوقمی چەك و چوڵ وکەرەسەی کوشتارە، یەکیان گرتوە و دەیانەوەێ دەست بنێنە بینەقاقای دانە دانەی ئێمە، دەمانگرن، دەمانکوژن، لە سێدارەمان دەدەن، ئەشکەنجەمان دەکەن وە ئەگەر حیزبی ئێمە قایم نەبێ ئەگەر حیزبی ئەو جۆرە کەسانە نەبێ کە وتم، ناتوانێ بیر لە سەرکەوتن بکاتەوە. ئەگەر بیری لێ بکاتەوە، خۆش خەیاڵی کردوە. بەڵام ئێمە حیزبمان دروست کردوە، ئەمرۆ هەموو دوژمنان لە دژی ئێمە هەڵخڕاون، کاتێك ئێمە دەڵێین کۆمۆنیستین یان هەموومان یەك حیزبین. ئەم سەرو ئەوسەری دنیا حیزبێکین، بەداخەوە لەقسەی یەکتر حاڵی نابین. بەڵام منی کۆمۆنیست لێرە لەگەڵ ئەو ڕەشپێستە کۆمۆنیستەی ئەفریقای باشوور یەك حیزبین. هەموو دوژمنانمان لەسەرتاسەری جیهاندا لە دژی ئێمە کەوتوونەتە گەڕ. ئێمە لەم حیزبەدا بەباوەڕترین و خاراوترین و کۆڵنەدەرترین ئینسانمان دەوێ. کەسێك دەبێ لەم حیزبەدا بێ کە مەرگی بەکۆمەڵی کرێکاری کانەکانی ئەوەندە لەبەرچاوی زیندوو بێ کە مەرگی خۆی پێ گاڵتە بێ. کەسێك دەبێ لەم حیزبەدا بێ کە دەرد و مەینەتی ئەو جوتیارەی کە لەسەرەتای ژیانیەوە هەتا دوا هەناسەی بەپەڵە زەویەکەوە دەبەسترێتەوە ئەوەندە لەبەرچاوی زیندوو بێ کە دیل بوونی خۆی لەلا گاڵتەبێ، باشترین هاورێیانمان لە نێو زینداندا، لە دەرەوە لە نێو سەنگەردا دەکوژن. کەسێك دەبێ لەم حیزبەدا بێ کە هاوار و شیوەنی هەموو ئەو دایکانەی کە منداڵەکانیان بەسەر دەستیانەوە مردوون ئەوەندە لەگوێدا بزرنگێتەوە کە لە هیچ فیداکاریەك سڵ نەکاتەوە. لە نێو زینداندا ئەشکەنجەی دیلەکانمان دەکەن. کەسێك دەبێ لەم حیزبەدا بێ کە ئەم ئەشکەنجەیەی وەها بەڕەگ و پێستەوە هەست پێ کردبێ، سەختی و دژواری چێشتنی لە پێناو خەباتدا بەلاوە شتێکی ئاسایی بێ. ئەوان ئێمە دیلی شەرێك دەکەن، شەرێکمان بەسەردا دەسەپێنن کە سەختە، دەیان سەعات شەونخونی و برسیەتی چێشتنی دەوێ، دەیان سەعات پاسەوانی دەوێ، کەسێك دەبێ لە ریزەکانی ئەم حیزبەدا بێ کە دەرد و ڕەنجی بەشەر بە درێژایی مێژوو وەها تێکەڵ بە خوێنی بووبێ کە ئەمانەی بەلاوە سەخت نەبێ. لەم شەڕەدا ئێمە تووشی برسییەتی دەبین، کەسێك دەبی لەم حیزبەدا بێ و بەناوی کۆمۆنیستەوە خەبات بکات کە برسیەتی هەموو منداڵانی دنیا هەست پێ بکات بۆ ئەوەی برسیەتی خۆی لەبیر بچێتەوە. برسیەتی ناو مەیدانی شەڕ و سەنگەر و پێوانی ئەم کێوبۆ ئەو کێو گرژی نەخاتە نێو چاوانی. ئەم حیزبە حیزبی ئەو کەسانەیە. ئێمە ئەو حیزبەمان دروست کرد چونکە بەراستی دەمانەوێ سەرکەوین.

ئەگەر ئەم حیزبەمان هەبێ و ئێوە بیپارێزن، ئەگەر جەماوەری خەڵکی بێ بەش دەست بنێنە ناو دەستی یەکتر ئەوا ئەم حیزبە لە پێشەوەی خەڵکدا، لە پێشەوەی بزووتنەوە وخەباتی خەڵکدا، لە پێشەوەی شەڕی چەکدارانەی خەڵك و ڕاپەڕینی خەڵکدا ئەم بەهەشتە هەر لەسەر ئەم زەویدا دروست دەکات.

موسولمانەکان! بەڵێنتان پێ دەدەم ئەگەر ئێو لەسەرتاسەری ژیانتان عیبادەتتان کردوە و پێتان وایە کە دەچنە بەهەشت، ئێمە دەیان هێندەی ئێوە دڵنیاین کە ئەو بەهەشتە بەدەستی خۆمان لەسەر ئەم زەویە دروست دەکەین. تەسبیح و بەرماڵ فرێ دەن و وەرنە ناو ئەم حیزبەوە.

ئێمە راست دەکەین هی ئەوان هەمووی خەیاڵات و فێڵ و تەڵەکەیە، ئێمە سەردەکەوین. ئێمە لەم حیزبەدا کەسانێکمان دەوێ کە مردن لە پێناو ئامانجەکانی حیزبدا بۆیان ئاسانترین کاربێ، بێگومان هەموو هاورێیانی پێشمەرگە کە ئێستا لێرەن لەو کەسانەن.

هەرچەندە ئێوە هەمووتان کە لە پێناوی حیزبی کۆمۆنیست و ئامانجە پیرۆزەکانیدا گیان بەخت بکەن، بەڵام هیوادارم هەمووتان بمێنن بۆ ئەوەی سەرکەوتنی ئەم حیزبە بەچاوی خۆتان ببینن. ساڵرۆژی ئەو حیزبەی کە ئێوە بناغەکەیتان داڕشت و ئێوە پێتان گەیاند لەهەمووتان پیرۆزبایی دەکەم. پیرۆزبایی لە ئێوە و لەهەموو ئەو خەڵکە میهرەبان و دڵسۆزە دەکەم کە ئەم حیزبەیان لە داوێنی خۆیاندا پەروەردە کرد.